# بانگەواز

## لە پێناو پێکهێنانی کۆمەڵەیەك بۆ داکۆکی لە ئاوارە گەڕاوەکانی کەرکوك

***جەماوەری کوردستان***

***خەڵکی قارەمانی شاری کەرکوك***

**پاش** دەیان ساڵ ئاوارەیی و دەربەدەری بەهۆی سیاسەتی تەرحیل و تەعریبکردنی کەرکوکەوە لە لایەن ڕژێمی فاشی گۆڕ بە گۆڕەوە , سەدان هەزار لە خەڵکی شاری کەرکوك ئاوارەی شارەکانی دیکەی کوردستان و عێراق بوون , پاش ڕوخانی ڕژێمی فاشی بەعس و زیاتر لە ساڵێك چاوەڕوانی بەداخەوە هەردوو ئیدارەی کوردستان نەیان توانییوە هاوکاری پێویست پێشکەش بە ئاوارەکان بکەن بۆ گەڕانەوەو نیشتەجێبوون . ئێستا دەیان هەزار ئاوارەی گەڕاوە پاش چاوەڕوانییەکی زۆر بە ناچاری بڕیارییان دا بگەڕێنەوەو لەزەوی تەجاوز و ئەو زەوییانەی هێشتا تاپۆ نەکراون بە فەرمی خانوی لەسەر دروست دەکەن . دانیشتوانی ناو ئەم خانوانەو ژیانێکی نا ئارام دوور لە سەرەتایترین پێداویستییەکان ژیان بەسەر دەبەن . ناخۆشی ژیان ,نەبوونی پێداویستی تەندروستی و خوێندن بە زمانی دایك و ئاوو کارەباو ئاوەڕۆ و بێکاری سەرباری دڵە ڕاوکێیان لە بەرامبەر چارەنوسی ئەم خانوانە, سەرجەم ئەم گرفتانە دیارترین تەنگوچەڵمەی ئەم خەڵکە لێقەوماوەیە .

لە ڕابردوودا کورد لە کەرکوکدا ئەزموونێکی تاڵی لەم بوارەدا هەیە, ڕوخاندنی گەڕەگی هەژارنشینی جمهوری لە ژێر ناوی تەجاوز و نا یاساییدا کە حەرەس قەومییە نەتەوەییە عەرەبەکان ئەنجامیان دا نموونەیەکی تاڵە لەم بوارەدا.

ئێستا بۆ ئەوەی تراژیدییاکانی ڕابردوو دووبارە نەبێتەوە . بۆ ئەوەی جارێکی کە ئاوارە نەبینەوە , بۆ ئەوەی یەکگرتوانە داکۆکی لە مافەکانمان کەین پێویستە ڕیزەکانی خۆمان یەك خەین , لە هەموو گەڕەك و کۆڵانەکان , لە ناو هەموو شوێنی ئاوارە نشینەکان , ناو هەموو خێمەو چادرەکان نوێنەری شەرعی خۆمان دیاری بکەین و کۆمەڵەیەکی سەرانسەری بۆ داکۆکی لە خانوو و مافەکانمان دروست کەین لە پێناو :-

1- تاپۆ کردنی بێقەیدو شەرتی زەوییەکانمان .

2- دابەشکردنی زەوی و پێداویستییەکانی دروستکردنی خانوو و دیاریکردنی بڕە کۆمەکێك بۆ ئەو ئاوارانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە , ئەم کۆمەکانە بۆ هەمووان بێت و ڕۆتین و واسیتەو پارتایەتی تێدا نەمێنێت .

3- قەرەبوو کردنەوەی زەرەرو زیانەکانی سەردەمی ئاوارە بوون .

4- دابینکردنی پێداویستی خزموتگوزاری (ئاوو,کارەبا,نەخۆشخانە,قوتابخانە و کار).

5- دابینکردنی خوێندن بەزمانی کوردی .

6- گواستنەوەی ناونیشانی وەزیفی کارمەندان بۆ کەرکوك .

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی کورد-چاك 10-10-2004**

**کەرکوك**